هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٠) لە ٢٠١٩/٩/١١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦) لە ٢٠١٩/٩/١١، بڕیاردرا بە:

١. شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەڕێزان (وەزیری دارایی و ئابووری، و وەزیری پلاندان، و کاك خالد شوانی وەزیری هەرێم، و سەرۆکی دیوان، و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران) سەردانی وەزارەتی دارایی فیدراڵی بکەن بە مەبەستی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری سەبارەت بە پرسی بودجە و بەشداری هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرەتایی ئامادەکردنی ڕەشنووسی بودجەی ٢٠٢٠ لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە ئاڕاستەی جێگیرکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر پابەندییە دەستوورییەکانی هەرێم.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران